www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 21:20 29-3-2006

The Centre of Halabja
Against Anfalization and Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u Cinosaydî Gelî Kurd
ÇAK
contact@chak.info

## ڕێکخراوی ئەمنستی لقی سوید: ((لەزۆر لایەنەوەپەیوەندیمان پێوەکراوەسەبارەت بەبارودۆخی ناو شاری هەڵەبجە))

دوای ئەوەی لەڕۆژنامەی هاوڵاتی لەزاری کاروان وریا عەلی دادوەری لێکۆلینەوەلەداگای هەلەبجەڕاگەیەنرا، کەهەر کەسێک دەستی لەسوتانی مۆنیمێنتەکەهەبێت، ڕوبەڕووی سزای لەسێدارەدان دەبێتەوە، وەئەوهەواڵانەی لەنێو شاری هەڵەبجەدەگاتەدەست ڕێکخراومان کەهەر یەکێک بەشدار بو بێت لەخۆپیشاندانەکەدەست گیر دەکرێت، ڕاستی ئەو هەواڵانەش لەچەندین ڕۆژنامەکەلەکوردستان دەردەچێت دووپات کراوەتەوە، بەرپرسانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانیش هیچ ڕوون کردنەوەیەکیان لەسەر ناڕاستی ئەو هەواڵانەنەداوە، وەزیندانی کردنی د کەمالی سەید قادر ر بە18 مانگ لەلەیەن دادگای هەولێرەوەبۆیەبۆ جاری دووەم لەماوەی 12 ڕۆژدا، لەگەڵ ڕێکخراوی ئەمنستی
ئەنتەرناشیۆناڵ/ سوید، پەیوەندیمان گرت و سەرجەم ئەو هەواڵانەمان پێ ڕا گەیاندن وەبۆ بەهێز بوونی وتەکانیشمان سەر جەم ئەو بەڵگانەی لەبەر دەستمان بوو پێش کەشمان کردن، وەک ئەو هەواڵانەی لەڕۆژنامەکانی ئاوێنەو هاوڵاتی و ئاڵای ئازادی بڵاو کراوەتەوە، لەگەڵ ئەو زانیاریانەی ڕێکخراومان بڵاوی کردۆتەوەلەماڵپەڕەکوردیەکاندا.
بەرپرسێکی ئەمنستی کەسەرپەرشتی زانیاری کۆکردنەوەو ناردنی هەوال دەکات بۆ بارەگای سەرەکیان لەلەندەن، ئەوەی بەئێمەڕاگەیاندن کەهەر ئەمڕۆ سەرجەم ئەو بەڵگانەوەردەگێڕنەسەر زمانی ئینگلیزی و دەینێرن بۆ لەندەن.
شایەنی باسەداخوازی ئێمەلەئەمنستی سوید ئەوەبوو، پشتگیریمان بکەن بۆ ئەوەی سزای لەسێدارەدان بەڕەسمی هەڵبوەشێتەوەلەکوردستان و یەکێتیش بەڕەسمی ڕا بگەیەنێت کەئەو بریارەجێ بەجێ ناکات، بەسەر خۆپیشا ندەرانی خەڵکی هەڵەبجەدا.. ئەوان ئەوەیان پێ ڕا گەیاندین لەچەند ڕۆژی ڕابردوو لەزۆر لاوەسەبارەت بەو مەسەلەیەپەیوەندیمان پێوەکراوە، بۆیەئیمەش داوا دەکەین لەبارەگای سەرەکیمان نامەیەک ئاڕاستەی ئیدارەی سلێمانی بکرێت.
شایەنی باسەکۆمەڵێک لەئەندامانی ڕێکخراوەکەمان ئەندامی چالاکی ئەمنستین و ماوەیەکەئەو هاریکاریەی نێوان چاک و ئەمنستی سوید بەردەوامەو ئەمەش جێ ی بڕوای چاکی لای ئەمنستی بەهێز کردوە.

ناوەندی هەلەبجە- چاک سوید 2006/3/28